وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرەی کتێبی منداڵان

# جوانترین تابلۆ



نووسینی:
ئەرخەوان حسێن دزەیی

**خاوەنی ئیمتیاز: سامی شۆڕش**

**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

ناوی کتێب: جوانترین تابلۆ

نووسینی: ئەرخەوان حسێن دزەیی

دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید

وێنەکێش: بەشدار قادر

ژمارەی سپاردن: (٣٥٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٥

چاپ: یەکەم - ٢٠٠٥

چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخی: ٥٠٠ دینارە

**ئەم بەرهەمە بچووکەم:-**

پێشکەشە بەگشت منداڵانی کوردستان

بەتایبەتی راژان و چراخان...

هیوادارم تەمەن درێژ بن

لەگەڵ هەموو منداڵانی کوردستان...

**ئەرخەوان حسین دزەیی**

**٢٠٠٥/١/١**

# شێرو چێل

ساڵانێک شێرێک لەناو دارستانێکدا دەژیا ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت، شێرەکە هەستی کرد، کە بەساڵاچووەو توانای گرتنی نێچیری نەماوە، بۆ ئەوەی بەچکەکانی تێر بکات.
نەشی دەوێرا بەرەنگاری چێل ببێ لەترسی شاخە گەورەکانی...

**بروانە چی ڕوودەدات**

بەچکەکان: شای دارستان.. نێچیرێکی قەڵەومان دەوێ.. برسیمانە.. برسیی.
شێر: پیر بووم و توانای راوکردنم نەماوە...
بەچکەکان: شای دارستان ئەها.. بروانە ئەم چێلە چەند گۆشتن و قەڵەوە، پەلاماری بدە دەی.. پەلامار!؟
شێر: بەچکەکانم گوێ بگرن.. دەبێ پیلانێک دابنێم بۆ ئەوەی بتوانم فریووی بدەم!! چونکە دوو شاخی گەورەی هەیە!! ئەزیەتم دەدات.

- شێر چێل دەبینێ:-


ئەی چێل من تۆم زۆر خۆش دەوێ تەنیا ئەوە نەبێ کە شتێک ناشیرینی کردوی...!!

چێل: ئەی شای دارستان.. ئەو شتە چییە ناشیرینی کردووم؟!

شێر: شاخە مەزنەکانت، باوەڕم پێبکە بەبێ ئەم شاخانە تۆ جوانترین چێلی لەم دارستانە..



چێل: هەر ئێستا خۆم لێیان دەرباز دەکەم..
چێل شاخەکانی بە بەردی چیاکە داداو.. هەتا شاخەکانی لەناوچوون.. گەڕایەوە بۆ لای شێر.. ئەی شای دارستان..
بەبێ شاخەکانم.. جوانم؟
شێر: بەڵێ.. چونکە گەورەترین چەکی بەرگری خۆت لەدەستدا، بوویتە پارووبەکی خۆش بۆ خۆم و بەچکەکانم..
شێر پەلاماری چێلی داو گوتی:-
بخۆن بەچکەکانم.. بخۆن..



ئەزیەتم دەدات = ئازارم دەدات...



# جوانترین تابلۆ


نازناز: تابلۆکەی هەڵگرت و بە خەمبارییەوە گەڕایەوە ماڵەوە..

دایکی لێی پرسی: نازێ بۆچی وا خەمباری؟!

نازناز: دایکە مامۆستا تابلۆکەی لێوەرنەگرتم کە بۆ پێشانگای چالاکی قوتابخانەکەم ئامادەکردبوو.



دایکی: تابلۆکەی تۆ لە بارەی چی بوو؟
نازناز: دیمەنێکی شاخ و داخەکانی کوردستان بوو..
دایکی: باشە تۆ هیچ دیمەنێکی ئەو شاخ و داخەت لەبەرچاو بوو تا بۆ دروستکردنی تابلۆ سوودی لێوەربگری؟
نازناز: نەخێر دایەگیان!!
دایکی: بەیانی پشووی هەفتەیە لەگەڵ باوکتدا دەچین بۆ گەشت و دیدەنی دیمەنە سروشتیە جوانەکانی کوردستان.
نازناز: بۆ ڕۆژی دوای هەر کە گەیشتە هاوینەهەواری «گەلی



جوانترین.

عەلی بێگ» دەستی دایە فرچەو بۆیە بۆ دروستکردنی تابلۆ.. بۆ مامۆستای هونەر.

نازناز: بۆ ڕۆژی پاشتر تابلۆکەی لەبەردەم مامۆستاکەی دانا.

مـامـۆسـتـا: نـازناز تابلۆکـەی تۆ جـوانـتـرین تابلۆیە، بۆیە لە پێـشـانـگای قـوتـابخـانـە لە پێـشـەوەی هەمـوو تابلۆکـان هەڵی دەواسم.

---

وەرگیراوە لە گۆڤاری هەنگ ژمارە (٥٦)ساڵی ٢٠٠١ .



# مراوی حەوتەم

دایکە مراوی بە بێچووەکانی گووت: بڕۆنە ڕیزەوە..
بێـچـووەکـان شـەشـیـان یەک بەدوای یەک ڕاوەسـتـان تەنیـا (مـراوی حـەوتەم) نـەبێـت کـە نـاوی «ڕەشـۆ» بـوو گـوێی نـەدا بە قسەکانی دایکی و نەچووە ڕیز!



دایکی چەند جـارێک داوای لێکرد هەر بێ سـوود بوو، بۆیە دایکە ڕووی کردە بێچووەکانی تری و گوتی:-

- ڕەشۆ لاسارە گوێڕایەڵ نییە، با هەر لێرەدا بمێنێتەوە، ئێمە دەچینە کەناری ڕووبارەکەو لەبەر هەتاوی نێو چیمەنەکاندا یاری دەکەین.

کە گەیشتنە کەناری ڕووبارەکە دایکیان پێی گوتن:-

ئێـوە یاری بکەن، بەڵام هیچ یەکـێکتـان بەبێ ئاگـاداری من نەچێتە ناو ئاوەکەوە شەش بێچووەکە خەریکی یاری کردن بوون، کاتێک بینیان ڕەشۆ لەناو ئاوەکە دایەو مەلە دەکات...

هەرچەندە دایکی بانگی کرد بێ سوود بوو، ڕەشـۆ لەزەتێکی زۆری لە مـەلەکـردن دەبینی.. لەبەرئەوە ئاگـای لەخـۆی نەمـابوو، لەناکـاو سـەری لەبەردێکی کـەناری ڕووبارەکـە دا ئەوەندە سـەری



ئازاری کـێـشـا، چاوەکـانی ڕەش هەڵگەڕان هیچ شـتـێکی لەدەوروبەری نەدەبینی بۆیە ناچار بوو لەناو ڕووبارەکـــەدا بمێنێتەوە.


لەپڕ دایکی خۆی گەیاندو پێی گوت:-

بێـچووەکـەم سەیر کـە چیت بەخۆت کـرد! ئینجـا لە ئاوەکـە دەریهـێنا، خـوشک و براکـانی لێی کۆبونەوە دەسـتـیـان کـرد بە پێکەنین، بەڵام دایکیان گووتی: بێچووی باش هیچ کاتێک بە ناخۆشی براکەی پێناکەنێ لە بری ئەوە یارمەتیم بدەن تا وشکی بکەمەوە.

دوای چەند ڕۆژێک «ڕەشـــۆ» چاک بوەوە گـــەڕایەوە دۆخی جارانی.. ئیـتـر لەوساوە بڕیاری دا کە هەمـیـشـە گـوێڕایەڵی دایکی بێت و هەرگیز لە قسەکانی دایکی دەرنەچێ...

---

- نووسینی عەلی پەناهی.
- چیرۆکی: مرغابی بازیگوش.
- وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە لەچیـرۆکی فـارسی مرغـابی بازیگوش: ئەرخەوان حوسێن دزەیی. «گۆڤاری هەنگ ژمارە ٤٥» ساڵی ١٩٩٩ گەلاڕێزان.



# هەنگ و ئالان

ئالان هەموو بەیانیان کە دەچوو بۆ قوتابخانە بەناو باغی ماڵەکەیاندا تێدەپەڕێ.

رۆژێکیان چاوی بە هەنگێک دەکەوێ کە شیلەی گوڵان دەمژێ بە هێمنی لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ دەچوو..

ئالان ویستی یاری لەگەڵدا بکا.. پێی گووت ئەی هەنگی هاوڕێم دەوەرە با پێکەوە لەناو ئەم گوڵ و گوڵزارەدا یاری بکەین و سەما بکەین..


هەنگەکەش وەڵامی دایەوە.. ئێستاکە من خەریکی کارکردنم، تۆش برۆ کاتی قوتابخانەیە با دوانەکەویت، هەر کە گەڕایتەوە لە قوتابخانە کاتی پشوودانمان یاری دەکەین..

ئالان: ... نا .... نا.. با هەر ئێستا یاری بکەین.. دەستی خۆی بۆ باڵەکانی هەنگەکە برد و توند ڕایگوشی و ئازاری دا.

هەنگەکەش: لە تاوانا بە چزوەکەی پێوەیدا..

ئالان: هاواری کرد و ئای.. ئای!!

ڕایکرد بۆ لای دایکی .. دایکیشی دەستی بۆ تیمار کردوو ئامۆژگاری کرد کە جارێکی تر ئازاری گیانلەبەران نەدا.. و لەقوتابخانەش دوانەکەوی..



تیمارکرد: سارێژکرد
- نووسینی: ئەرخەوان حوسێن دزەیی
- بڵاوکراوە: گۆڤاری هەنگ ژمارە (٣٧) ساڵی ١٩٩٩



# لە خۆبایی بوون

سالار: قوتابیەکی زیرەک بوو، وای دەزانی دەتوانێ هەموو
نموونەکانی بیرکاری شیکار بکات، بۆیە لەخۆ بایی ببوو،



زۆرجـار یارمـەتی خـوشکە بچـووکـەکـەی نەدەدا تا نموونە بیرکارییەکان شیکار بکات، بەڵکو گاڵتەشی پێدەکرد.

- باوکـەکـە بۆ ئەوەی کـوڕەکـەی لەم حـاڵەتە خـراپەی خـۆ بەزلزانین ڕزگار بکات و کچەکەش شەرمەزار نەبێ پرسیاری لە کوڕەکەی کرد، کوڕەکەم (۱۱×۱۳) دەکاتە چەند؟

شیکاری بکە...

کوڕەکەی شڵەژاو زانی تووشی گرفتێک هاتووە، ویستی خۆی لەم گرفتە دەرباز بکات.

وەڵامی باوکی دایەوە: هیشتا نەگەیشتووینە تە ئەم بابەتە لە قوتابخانەدا

لەم کـاتەش باوکـە ڕووی کـردە لای کـچـە بچـووکـەکـەی بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوت:

دە کەواتە نایزانێ، کوڕەکە لە مەبەستی باوکی تێگەیشت..

ئیـتر لەو سـاتەوە خۆی لە ڕەوشتی خـراپی (خۆ بە زل زانین) رزگار کرد.

---

خۆبەزلزانین: لەخۆبایی بوون، لەخۆوە دەرچوون، خۆ بەگەورەزانین
شڵەژا: شێوا، تێکچوو



# ساناو خانووی مامزۆکە

سـانا منداڵێکی ژیر و وریابوو، هەمــوو شـەوێک باوکی چیرۆکێکی بۆ دەگێڕایەوە لەمەڕ خانووی مامزۆکەکان.. تا وای لێهات زۆر ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردبوون، زۆریشی خۆش دەویستن هەموو کات بیرو هزری لای ئەوان بوو.

جارێکیان بیستی خانووی مامزۆکەکان کیمیاباران کراوە و ئاگری تێبەربووە، مامزۆکەکانیش ئاوارە و دەربەدەر کراون.. سانا دەستی بە گریان کرد، بە باوکی گوت ئەی چارەنووسی ئەم مامزۆکانە چی دەبێت پاش ئەوەی خانوەکەو شارەکانیان سووتا.

- باوکە یارمەتیم بدە بۆ چارەسەرێکی ئەم مامزۆکانە، باوکی زوو چارەسەری بۆ دۆزییەوە و پێی گوت یارمەتیت دەدەم بۆ دروستکردنی خانوویەکی نوێ و شارێکی نوێ بۆ مامزۆکەکان، هەر بەو جۆرە باوکەو کچە ژیکەلەکەی دەستیان کرد بە دروستکردنی خانوویەکی جوان لە قوڕ و قسەر و خشت و دار..



سانا بەمەش رانەوەستا بەڵکو داوای یارمەتی لە منداڵی گەڕەکەکەیان کرد، کە کۆمەڵێک خانوو دروستبکەن، هەر بەهەمان ڕێگە ئەوانیش داوایان لە منداڵی شارەکەیان کرد.. ئەو خانووانە زۆر جوان و ووردبین دروستکرابوون..منداڵە ئازیزەکان کارێکی قورس نییە ئەگەر ئێوەش بە بیرێکی فراوان و بە هاوکاری لەسەر خۆ دروستی بکەن.

---

هزر: هۆش – فکر
نووسینی: ئەرخەوان حوسێن دزەیی



# کەڵەشێرێکی ڕەنگاوڕەنگ

کەڵەشێرێکی ڕەنگاوڕەنگ چووە سەر بەردێکی زل و بەرز، بە دەنگێکی قـایم قـوقـاندی.. قـوو.. قـوو..، وای زانی ئەو گـیانەوەرانە لەوێـن و هەمـوویان بە حـەز وو ئارەزووەوە گـوێیـان لێگرتووە.. بۆیە لەخۆبایی بوو بە فیزێکەوە سەیری ئاوی بەردەم بەردە زلەکەی کرد، شێوەی خۆی تیا بینی، خۆی زۆر لا جوان و




ڕەنگاوڕەنگ بوو سەری لە ڕەنگی سوور و سەوز و سوور مابوو.. بۆیە هەموو شتێکی لەبیر چووە.. وای لێهات هەموو کاتی خۆی لە ئاوەکەدا بەسەر دەبرد و تێیدا خۆی دەشوشت بۆ ئەوەی پەڕەکانی زیاتر شەوقداربن و ببریسکێنەوە..

بە هیچ جۆرێک فیزی نەدەهات بچێتە ناو گیانەوەرەکانی ترو یا بەدوای خواردندا بگەڕێ.



- پیرە کەڵەشێر وا گۆڕابوو قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد..
تا گەیشتە رادەیەک لە برساندا لاشەی لاواز و پوکا دەنگیشی ناخۆش و وردە وردە پەڕەکانیشی وەرین هێشتا هەر لەخۆی بایی بوو..

- هەر چەندە ئەو هاوڕێکانی لەبیر خۆی بردبۆوە بەڵام هەندێ هاوڕێی باشی هەبوو کە بیریان لێدەکردەوە، لەناوخۆیاندا باسیان دەکرد.. هەتا رۆژێکیان بڕیاریاندا سەردانی بکەن و دیاری بۆ ببەن.. ئامۆژگاری بکەن واز لەم ڕەوشتە خراپە بهێنێ..



عەلیشیش: هەموو چەشنە دانەوێڵەی بۆ دانا.
مریشک: ئاو خواردنەوەی بۆ دانا..
مراوی: دەرمانی بۆ بەهێزکردنی پەڕەکانی و قوڕگ و دەنگە خۆشەکەی.
قازیش: چڵە گوڵێکی بۆ دانا..
هەموویان بە دیارییەوە چوون بۆ لای...
کەڵەشێر لە سوچێکدا کەوتبوو بەدەست ئێش و ئازارەوە دەینالآندا...
کاتێک چاوی بە هاوڕێکانی کەوت.. زۆر دڵخۆش بوو خواردن و دەرمانەکەیان دایە.. دوای ئەوە ئاهێکی پێداهاتەوە....
بەدەنگەنووساوەکەی زۆر سوپاسی کردن.
بە گوێی ئامۆژگارییەکانی کردن و.. داوای لێبوردنی لێکردن.

---

نووسینی: ئەرخەوان حوسێن دزەیی





شێرو چێل ل:٤



جوانترین تابلۆ ل:٨



مراوی حەوتەم ل:١٢



هەنگ و ئالان ل:١٦



لەخۆبایی بوون ل:١٩



ساناو خانووی مامزۆکە ل:٢٢



کەڵەشێرێکی ڕەنگاوڕەنگ ل:٢٦